سەرۆک وەزیران لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای جی ئێی ڤەرنا بە وزە کەدبەتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لە شوێنی مانەوەی خۆی لە واشنتۆن پێشوازی کرد لە سەرۆکی کۆمپانیای جی ئێی ڤەرنا سکۆت ستراژک کە پسپۆڕە لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای وزە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی چێنیتی پەرەپێدانی کارەکانی کۆمپانیاکە کرا لە عێراق و ئاسێی بەرهەمهێنانی وزە لەداهاتوودا، لە چوارچێوەی پرۆسەکانی گەشەپێداندا کە لە کەرتی نەوت و کەرتی کارەبادا ڕوودەدەن، هەروەها لە ڕەشنایی بەرنامەی حکومەتدا کە تیشک دەخاتە سەر پەرەپێدانی ئەم کەرتانە و کارکردن بە بەرزکردنەوەی لێهاتووی و توانای بەرهەمهێنان و دابەشکردنی وزەی کارەبا.

سودانی ڕوونیکردەوە کە حکومەت پێشوازی لە فراوانکردنی هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بەناوبانگەکان دەکات و هەموو ئاسانکارییە پێویستەکان پێشکەش بە وەبەرهێنان دەکات، هەروەها بانگهێشتی کۆمپانیاکەی کرد بە کردنەوەی وەرکشێپی چاککردنەوە بە تەرباینەکانی بەرهەم هێنان لەناو عێراقدا، بەمەبەستی کورتکردنەوەی کاتی چاککردنەوە و بەشداریکردن لە ڕاهێنانی کارمەندە نیشتمانییەکانی عێراق.